حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم– کۆرسی دووەم

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

کۆمەڵناسی پەروەردە

**Sociology of education**

# کارل مانهایم و کۆمەڵناسی پەروەردە

2022-2023

Dilshad Siamand

MSc University of Southampton/England

PHD  Salahaddin University/Hawler,

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتین لە

- دەستپێکی کاری کارل مانهایم لە بارەی کۆمەڵناسی پەروەردە
- کار و ئەرکەکانی پەروەردە لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە
- پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلایەتی و پەروەردە لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە
- ئەو مەرجانەی سیستەمی پەروەردە بەهێزدەکەن لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە
- سەرچاوەکان

# دەستپێکی کاری کارل مانهایم لە بارەی کۆمەڵناسی پەروەردە

- کارل مانهایم (1893-1947)، کۆمەڵناسێکی ئەلمانییە، لە شاری بوداپێستی هەنگاریا لە دایکبووە و لە سالی ١٩٣٣دا، هاتۆتە ولاتی بەریتانیا
- لە سالی ١٩٤٦ لە زانکۆی (London Institute of Education,)، بەشێکی تایبەتی بەناوی کۆمەلناسی پەروەردەی بۆ یەکەم جار لە هەمان زانکۆ کردۆتە، بۆیە بە دامەزرێنەری ئەم لقە کۆمەلناسیە دادەنرێت لە ولاتی بەریتانیا
- ئەو پێیوایە پەروەردە تەنها کولتوور ناگوازێتەوە یاخود مرۆڤ بکاتە خاوەن پسپۆریەتێک بەلکو کاریگەری تەواو لەسەر ژیانی تاکەکان و کۆمەلگاکان هەیە
- بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە پەروەردەییەکان گرنگن  بۆ گۆڕان و پێشخستنی کۆمەلگا
- پەروەردە وادەکات کە کۆنترۆلی کۆمەلایەتی بەهێزتر بێت بۆ هێشتنەوەی سەقامگیری کۆمەلایەتی لە دەرەوەری ناوەندەکانی خوێندنیش

# کار و ئەرکەکانی پەروەردە لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە

- پەروەردە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بەهێز دەکات لە نێوان خەلکدا،
- مندال وا پەروردە دەکات کە توانای کار و پێکەوەژیانی هەبێ لەگەل خەلکانی دیکەدا
- یارمەتی خەلکدەدات بۆ ئەوەی پێگە و ڕۆلیان هەبێ لە کۆمەلگادا
- تاک فێری پسپۆریەت یان کارامەی دەکات بۆ ئەوەی پێگەی هەبێ لە ژیانی ئابووریدا
- پەروەردە ئامارازێکی گرنگی هێنانە ئارای خۆشگوزەرانیە بۆ خەلک و کۆمەلگا
- پەروەردە دەبێتە هۆی دروستکردنی تێگەیشتن لە نێوان کەسایەتییە جیاوازەکانی کۆمەلگا و پێکەوە کارکردنیان
- پەروەردە مرۆڤ فێری ئەوە دەکات کە ڕۆلەکەی بە باشی لە نێو دامەزراوەکانی کۆمەلگادا بگێرێت
- پەروەردە یارمەتی کەسەکان دەدات کە کەسایەتی تایبەت بەخۆیان هەبێ و لە وانی دیکە جیاواز بن لە ڕووی ڕەفتار و پسپۆریەت و ڕۆل هتد...

- پەروەردە وا لە تاک دەکات کە ئامادەکاری بکات بۆ ئەوەی کارێ بدۆزێتەوە
- پەروەردە پرۆسەی بە کۆمەلایەتی بوون فراوانتر و بەهێزتردەکات

# پەیوەندی نێوان گۆڕانی کۆمەلایەتی و پەروەردە لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە

- کارل مانهایم پێیوایە بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەلایەتی بێتە ئاراوە، پێویستە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە دروستبکرێت، چونکە پەروەردە وەکو ئامرازێکە بۆ خەلک کە پێگەی ئابووریان هەبێ لەبازاردا، یارمەتی خەلک دەدات بۆ دروستبوونی پەیوەندی کۆمەلایەتی و تێکەلبوون لەگەل ژیانی کۆمەلایەتی، بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەلایەتی بەردەوام بێ پێویستە گۆڕان لە سیستەمی پەروەردە بەردەوام بێت
- بۆ ئەوەی پرۆسەی گۆران کۆمەلایەتی بەردەوامبێ پێویستە پرۆسەی پەروەردە و زانیاری بەردەوام لە گۆراندابێ و زانیارییەکان فراوانتر بکرێن
- پرۆسەی پەروەردەیی لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوازرێتەوە و دواتر بۆ کۆمەلگایەکە بەگشتی دەگوازرێتەوە، کە بەشێکە لە دروستکردنی گۆڕانی کۆمەلایەتی و پەیوەندی کۆمەلایەتی
- پەروەردە وادەکات پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە پەروەردەییەکان، مامۆستا و قوتابی، قوتابی لە نێوخۆیان، لە نێوان چینە کۆمەلایەتیەکان و ناوەندەکانی خوێندندا دروستبێت و پرۆسەی گۆڕانکاری ئاسانتربکرێت

# ئەو مەرجانەی سیستەمی پەروەردە بەهێزدەکەن لە ڕوانگەی کارل مانهایمەوە

- هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان سیستەمەکانی پەروەردە و دیمۆکراسی\ پەروەردە و دیموکراسی پەیوەندیەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، تەواوکەری یەکترن، ئەمەیان وادەکات خەلک ئازاد بێ لە گرنگیدان و پێشخستنی دامەزراوەکانی کۆمەلگا
- پێویستە چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە بە بەردەوامی هەبێت\زانیاری لەنێوان ناوەندە ئەکادیمییەکان گرنگن\هەبوونی زانیاری لەبارەی گرنگترین داهێنانە زانستیەکان لە بواری پەروەردە گرنگن
- دامەزراوەکانی پەروەردەی پێویستە هەمیشە بەدوای پرکردنەوەی پێداویستیەکانی خەلکی کۆمەلگایەکەوە بێت\هەر کۆمەلگایەک جیاوازە لە ڕووی پێداویستیەکانیەوە، سیستەمی پەروەردە دەبێت ئاگاداری کەموکورتی کۆمەلگا بێت

# سەرچاوەکان


- Stewart, W. A. C.   (1953). Karl Mannheim and the Sociology of Education, British Journal of Educational Studies, (1) .( 2).
- Casavecchia, A. (2017). Connecting Education to Society through Karl Mannheim's Approach [Review of the book: Introduzione alla sociologia dell'educazione, by K. Mannheim & W. A. Campbell Stewart]. *Italian Journal of Sociology of Education*, *9*(3
- Whitty, G. (1997). Social Theory and Education Policy: The Legacy of Karl Mannheim, British Journal of Sociology of Education, 18(2).
- Whitty, G. (2012). A LIFE WITH THE SOCIOLOGY OF EDUCATION, British Journal of Educational Studies, 60 (1).